OCTOBER 24, 2007

## ستراتیجیای تازەی تورکیا لە باکووری عێراق

24ی ئۆکتۆبەر/ ئۆلگا ژیگالینا

سیار محەمەد ساڵح لە ئینگلیزییەوەکردوویە بەکوردی

ساڵی 2006، خویا بوو کە دابەشکردنی لەگینەی عێراق لەسەر بنەمای ئیتنی تەنیا ئەو وڵاتانەی ناوچەکەی نیگەران نەکردووە کە ناوچەی بەربڵاوی کوردنشینیان تێدایە (تورکیا، ئێران، سوریا)، بەڵکە هەروا وڵاتە عەرەبە دراوسێکان (عەرەبی سعودی، ئەردەن و کوێت)یشی نیگەران کردووە. ئەم تێڕوانینەی دوایی هاوڕێ بووە لەگەڵ خۆگرتنێکی گەورەی تورکیا سەبارەت بە پلانی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی گەورەی ناوەڕاست. ئەم پلانە، وەکو هزر دەکرێ، هۆکاری کوردی رۆڵێکی روونی تێدا دەگێرێ. سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە داوایان لە ئەمریکا کردووە رێگەیان پێ بدا لە بارەی ئایندەی عێراق وتووێژ بکەن. بۆ واشنتۆن ئاسان نییە وەڵامی ئەم داوایە بە پۆزەتیف بداتەوە بەگوێرەی ئەو گرژی و توندییەی لە نێوان ئەمریکاو ئەو وڵاتانەدایە کە خەڵکی کوردیان تێدا دەژی (تورکیا، ئێران، سوریا).

لە 2003-ەوە، هەستی دژە- ئەمریکایی لە ناو دانیشتوانی تورکیا بەرەو ژوور چووە وەکو ئەنجامێکی موغازەلەی واشنتۆن لەگەڵ کوردی عێراقدا. قسەی وا هەیە، کە کورد بەڵێنی سەربەخۆییان پێ دراوە. بۆ روبەروبوونەوەی کێشەی چارەسەرنەکراوی کوردا، کە ئەنقەرە تەواو پێی نیگەران بووە، ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی گەریلاکانی پارتی کریکارانی کوردستان دەکا. بنکەو بارەگاکانی پەکەکە کەوتونەتە شاخەکانی قەندیل لە عێراق. ئەم ناوچەیە لە بندەستی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە. ئیدی، تورکیا داوا لەم رێکخراوانە دەکا، هەروا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، رێوشوێنێك دژی پەکەکە بگرنەبەر. دەنا، سوپای تورکیا هێرشی سنووربەزێن لە ناوچە کوردنشینەکان لە باکووری عێراق دەکا. بەهەرحاڵ، کوردەکانی عێراق ئامادە نین شەڕی برا کوردەکانی تورکیایان بکەن. واشنتۆن دەڵێ دەبێ تورکیا گرفتەکان بە هاوکاری لەگەڵ عێراق و ئەمریکا چارەبکا. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆکوەزیران، رەجەب تەیب ئۆردوگان، پەردەی لەسەر ستراتیجییە تازەکەی بۆ ساڵی 2007 لاداوە کە ئەنقەرە دژایەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە عێراق دەکا، پەکەکە لە ریشەوە دەردێنێ و خەبات دژی لکاندنی کەرکووك بە کوردستانی عێراق دەکا.

ئەم ستراتیجییە تورکییە "نوێیە" دەکرێ وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ فشاری ئەمریکا راڤە بکرێ کە خۆی نیشانداوە لە بڕیاری

کۆنگرێسی ئەمریکا لەبارەی جینۆسایدی ئەرمەنییان لە سەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانلی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

بڕیارەکە داوای ڕەنگدانەوەی هەقیقەتی جینۆساید دەکا لە سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەمریکادا. ئەگەر ئەمریکا لەسەر فشارهێنانی خۆی بەردەوام بێ، ئەنجامەکەی چاوگێڕانەوە دەبێ بە پەیماننامەی ئاشتیی سیڤەر (1920) و پەیماننامەی لۆزان (1923) لەبارەی دابەشکردنی ئیمپراتۆریای عوسمانلی. پەیماننامەی سیڤەر، بەهۆی پەیماننامەی لۆزان هەڵوەشێنرایەوە کە وڵاتانی سوێندخۆر دەیانەویست ئیمپراتۆریاکە دابەش بکەن. بەشێك لە خاکی وڵاتەکە بەبەر ئەرمینیا دەکەوت (سنوورەکان دەبوایە لەلایەن ئەمریکاوە بکێشرانایە). بۆ دامەزراندنی کوردستان – دەبوایە کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی نوێنەرانی بەریتانیای مەزن، فەرەنساو ئیتالیا بڕیار لەسەر سنوورەکانی بدەن. ئەم هەلومەرجەی سەرەوە و ڕژێمی کاپیتالاسیۆن باوەگۆی نارەزایی توندی ناو تورکیای دایەوە. پەیماننامەی سیڤەر موسادەقەی لەسەر نەکراو کاری پێ نەکرا، ئێستا چاوگێڕانەوە بەو ڕێککەوتننامانە، شەڕێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە. ئەوە ڕوونە کە ئەمریکا هەوڵ دەدا پشت بە کوردان ببەستێ بۆ بەجێ گەیاندنی پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە. ئێستا کە پشتەوانی کوردەکانی عێراقی بۆ خۆی دابینکردووە، کار لەسەر پەکەکە دەکا کە ئەویش بەرەو لای خۆی دابخا. گەریلاکانی کورد بەشدارییان لە هێرش و پەلاماری ئەنتی –تیرۆریستی کردووە لەسەر سنووری نێوان عێراق-ئێران. ئەمە بەشێوەیەکی کاتەکی، لە سۆنگەی ئەو هۆیەوە ئەمریکا بەشێوەیەکی دیار خۆی لە لێدانی تەشکیلاتی سەربازیی پەکەکە دەبوێرێ. لەهەمانکاتدا، ستراتیجیی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی "نوێ"، کە لەلایەن سەرۆك جۆرج بۆشەوە لە سەرەتای 2007ەوە ڕاگەیەنرا، لە جێگەی خۆی چەقی خواردووە. ڕەوشی نێونەتەوەیی لە دەوروبەری ئێران بەقازانجی پلانی ئەمریکا نییە بۆ "دیموکراتیزەکردن"ی ناوچەکە ، کوردەکانی ئێرانیش لەم ڕووەوە دەتوانن یاریدەیەکی کەمی ئەمریکا بدەن. هەندێ لە دیموکراتەکانی کورد لە ئێران لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی ئێستای ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی ئێران دان. ئەم فیکرەیە بەسەر هەڵوێستی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاك)، جێبەجێ دەبێ، کە لە ساڵی 2005-ەوە دەستی بەکار کردووەو تۆزە پێوەندییەکیشی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە. لەمیانەی یەکەمین سەردانی خۆیدا بۆ ئەمریکا، حاجی ئەحمەدی سەرکردەی پژاك، کە دانیشتووی هەمیشەیی ئەلمانیایە، پێشنیاری بە ئەمریکا کردووە کە ئیدارەی جۆرج بۆش لە عیراقڕا شاڵاو بۆ لادانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران ببا و یارمەتی کوردەکان بدا تا بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن – ئەوژی دامەزراندنی "کۆمارێکی دیموکراتی و عەلمانی"یە لە ئێران. ئیدارەی ئەمریکی وەڵامی داوایەکەی ئەحمەدی لە میدیای ئەمریکی نەدایەوە. ئەحمەدی بڕوای وایە کە دامەزراندنی فیدراسیۆنێکی دیموکراتی لە ئێران دەبێتە زەوینە خۆشکەر بۆ هاتنەکایەی "کوردستانی گەورە".

وەك دەزانرێ، هەرچەندە تورکیا نەیویستووە خۆی بخزێنێتە ستایلی ئەمریکایی بۆ بەدیموکراتیزەکردنی ناوچەکە (نەمازە پەرلەمانی تورکیا لە 1ی ئاداری 2003دا، بڕیاری دا  خۆی لە دەخالەتی سەربازی لە عێراق، لا بدا). ئەنقەرە تەنیا بەشە ئابوورییەکەی پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورەی قبوڵە کە ئامانجی گەشەپێدانی پێوەندیی بازرگانی و ئابوورییە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەگشتی و، کوردستانی عێراق بەتایبەتی (دەکرێ ئەم سیاسەتە بەهۆی پێویستیی تورکیا بۆ پاراستنی ستاتۆی خۆی وەکو هێزێکی ناوچەیی ڕاڤە بکرێ). تا ئێستا، ئەنقەرە پلانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە بە توخمێکی سەرەکیی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەزانێ. لەنێو چەندین شتی تردا، پێکهێنانی ڕایەڵکەی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە دەگرێتە خۆی لە ڕێگەی دامەزراندنی (زۆنی پیشەسازیی ئازاد) بەهاوبەشی تورکیاو ئیسرایل، ئیسرایل و ئەردەن، ئیسرایل و فەلەستین، ئەردەن و فەلەستین، هەروا هەموو ئەو وڵاتانەو تورکیا. وەکو پاداشتکردنێکی هاریکاریکردن لەگەڵ ئیسرایل، ئەو بەرهەمانەی لە (زۆنی پیشەسازیی) لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دروست دەکرێن لە ڕێگەی ئیسرایلەوە دەنێردرێنە ئەمریکا و وڵاتانی نافتاوە، بەبێ باج و گومرکیان بخرێتەسەر. تا ئێستا ئەمریکا زۆری کردووە بۆ بەهێزکردنی پێوەندیی ئابووریی لەنێوان تورکیا و ئیسرایل و هەروا پێوەندیی تورکیا لەگەڵ عێراق و کوردستانی عێراقدا. تورکیا دەتوانێ قازانجێکی زۆر لە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و کوردستانی عێراقدا بکا. لەهەمانکاتدا، وەکو گەلێك لە چاودێرانی ئەمریکی پێیانوایە، بەستنەوەی ئابووریی تورکی بە ئیسرایلەوە، دەرفەتگەلێك لەبەردەم تورکیا دەکاتەوە کە پشتەوانی ڕێکخراوەکانی جولەکەی ئەمریکی و لوبی نیوکۆنزەرڤاتیڤی واشنتۆن بەدەست بهێنێ. بۆ ئەمریکاش، ئەم سیاسەتە ئەگەری پتەوکردنی پێگەی ئابووریی ئەمریکی لە تورکیا و کوردستانی عێراقی لێ دەکەوێتەوە. بوژانەوەی ئابووریی ناوچەی هەژاری باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا پشتەوانیکردنی کوردان بۆ تەشکیلاتی سەربازیی کوردی کزو لاواز دەکا. بۆ نموونە، سوپای تورکی بەرژەوەندی هەیە لە بیناکردنی بەربەستی ایلیسو لەسەر زێی دیجلە،

**بەو هیوایەی کە ببێتە ڕێگەیەك بۆ تێکوپێکدانی ئەو ڕێچکانەی کە گەریلاکانی پەکەکە بەکاریان دێنن. نزیکەی 15 شارو 50 گوندی کوردنشین کە بەسەریەکەوە لەسەرووی 300 کیلۆمەتر چوارگوشەن، لە میانەی بیناکردنی بەربەستەکە لادەبرێن- سوپای ئەمریکا پێیوایە ئەم پرۆسەیە یاریدەی لەبەینبردنی بزووتنەوەی کوردی لە تورکیا دەدا. لەوەش زێتر، بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی ئاوی ناوچەکە، دەسەڵاتەکانی تورکی دەکارن بەچاکی کۆنترۆڵی ڕەوشی کوردستانی عێراق بکەن. هەروا لەوانەیە ئەوە سۆنگەی ئەوە بێ کە بەشێك لە کۆمەڵەی بێزنسی تورکی بە حەزو تاسەیەکەوە بگلێنە ناو چالاکی ئابووری لە ناوچەی خۆبەرێوەبەری کورددا. لە ساڵی 2004-ەوە، تورکیا هەوڵی داوە جڵەوی ناسیۆنالیزمی کوردی و سەربەخۆیی لەمێژینەی کوردی بە هۆی ڕێوشوێنی ئابووری بگرێ. بۆ نموونە، کۆمپانیاکانی تورکی پارەیان لە کۆمپانیا نێونەتەوەییەکانی گازو نەوت خستۆتەگەڕ کە لە کوردستانی عێراقدا کاردەکەن. لە کاتی ئێستادا، واشنتۆن بەردەوام دەبێ لە فشارخستنەسەر ئەنقەرە، کاتێ ئەردۆگان سەردانی واشنتۆن و نیویۆرکی کرد لە 7-11/ تەمموزی 2005 گوتی تورکیا پێوەندییە ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق و کوردستانی عێراقدا فرەوان دەکا و هاریکاری دیفاعی و تەناهی خۆیشی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەهێز دەکا و رایەڵکە لەگەڵ سوریا و ئێراندا کەمدەکاتەوە. هەموو ئەوانە راسپاردران، سەرەرای خۆگری تورکیا لەبارەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق، وەکو هەندێ شرۆڤەکاری ئەوروپی وەسفی دەکەن، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییان لێدەکەوێتەوە. لەراستیدا، لە 2005-2006 تورکیا بەهۆی رایەڵکەی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ عێراق و کوردستانی عێڕاقدا بوژایەوە. سەرباری پروپاگندەی بەربڵاوی ئەنتی کوردی لە میدیای تورکیدا، بێزنسمانەکانی تورکیا گەرەکیانە بچنە کوردستانی عێراق و، کوردیش هەموو شتێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانیان دەکا. کوردەکان، چاوەڕوانییەکی زۆریان لە سەفارەی کوردستان هەیە کە پلانی بۆ کێشراوە لە ئەنقەرە بکرێتەوەو ستافێکی شارەزای دیپلۆماتی لێ دابنێن کە بتوانێ بۆشایی نێوان هەردوو لا پر بکاتەوە. سەبارەت بە ئێرانیش، کوردەکان ئێستا پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا نەماوە. گرژی و توندیی لە ناوچەکەدا وەکو خۆیان ماون. ئا لەبەر ئەو هۆیە ڕێگەدان بە هێرشکردنە سەر باکووری عێراق بۆ چەند ساڵێك دەمێنێ. لەتەك ئەوەشدا، سەردانی سەرۆکی سوریا، بەشار ئەسەد بۆ ئەنقەرە، لە ئوکتۆبەری 2007، هێمایەکە کە تورکیا نایەوێ پێوەندی خۆی لەگەڵ سوریا و ئێراندا تێکبدا (بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ ئێران دژی یاخیبووەکانی کورد لەسەر سنووری هەردوو وڵات بەرێوە ببەن). سەبارەت بە کوردەکانی عێراقیش، ئەوان نایانەوێ بکەونە شەڕ لەگەڵ تورکیا یان کوردەکانی تورکیا. ئەوان بروایان وایە کە چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان-هەروا کێشەکانی پەیوەست بە پێوەندی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن-دەبێ تەنیا لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەر بکرێ.**

**سەرچاوە:** **http://en.fondsk.ru/article.php?id=1029**